كركوكنا

« هكذا يستقبل الكركوكيون
شهر رمضان المبارك «

صفحة ١٠

جريدة مدنية مستقلة ومتنوعة، تصدرها منظمة السلام والحرية بالشراكة مع منظمة MM عدد (٧) أيار ٢٠٢٢


# مۆزەخانەی کەرکوك کرایەوە

**دوای دەساڵ لەتەواوکردنی کارەکانی مۆزەخانەی کەرکوک، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری کەرکوک، بەبەشداری لێپرسراوانی دامودەزگاکانی شارەکە و ئامادەبوونی هاوڵاتیان لە قشڵەی شارەکە بە رووی هاوڵاتیان کرایەوە.**

مۆزەخانەکە چەندین پەیکەر و کەرەستە ی کۆن و فۆلکلۆری لە خۆ دەگرێت کە گوزارشت لە پیشە و کارەی نەتەوە و پێکهاتەکانی کەرکوک دەکات.

لەوبارەیەوە رائید عوگڵە محەمەد، بەڕێوەبەری مۆزخانەی کەرکوک، رایگەیاند: رۆژانە لە کاتی دەوامی ڕەسمی دەرگای مۆزخەنەکە بەرووی هاوڵاتیانی کەرکوک و شار و ناوچەکانی دیکە کراوەیە بۆ ئەوەی بێن و کلتور و فۆلکۆری نەتەوە جیاوازەکانی شارەکە بدینن

وتیشی: وەک ماڵی ڕۆشنبیری کەرکوک لە بەرنامەماندایە، بەهاوکاری رێکخراوێکی خێرخوازی، خوێندکارانی کەرکوک بهێنینە ئێرە و مۆزخەنەکە یان پێ ئاشنا بکەین تاوەکو لە فۆلکلۆر و کارەکانی رابردووی نەتەوەکانی کەرکوک بزانن و پێی ئاشنا بن.

بەشداربووانی مەراسیمەکەش خۆشحاڵن بە کردنەوە و نۆژنکردنەوەی مۆزخەنەکە و کە بەرجەستەی کلتور و رەسەنایەتی شارەکە دەکات و مێژووی پێکەوە ژیان لەنێوان پێکهاتەکان دەپارێزێت.

ئەحمەد جەمال، سەرۆکی رابیتەی مۆزخەنە فۆلکلوریەکانی عێراق، سەبارەت بە کردنەوەی مۆزخەنەکەی کەرکوک وتی:



ئامادەکردنی/ ڕەوان تاڵیب

و بزان کار و پیشەی کەرکوکیەکان لە رابردوودا چۆنبووە.

وتیشی: لە ماوەی دەساڵی رابردوو کارەکانی مۆزەخانەکە تەواو ببو بەڵام بەشێوەکەی رەسمی نەکرابووەوە و بەڵام لەئێستادا بە رووی هاوڵاتیاندا کراوەیە.

هەرەوک یوسف تەیب، بەڕێوەبەری ماڵی ڕۆشنبیری کەرکوک، لەبارەی کردنەوەی مۆزەخانەی کەرکوک، رایگەیاند : مۆزەخانەکە خۆی لە پەیکەری ژمارەیەک کەسایەتی کەرکوک و پیشە و کاری دەستی دێرینی کەرکوک کە لەرابردوودا کاریان پێیکردوە.

مۆزەخانەکە لە ١٤ بەشی سەرەکی پێکهاتووە کە گوزارشت لە پیشە کۆنەکانی پێکهاتە و نەتەوەکانی کەرکوک دەدات کە لەساڵانی سەدەی رابردوو ئەنجامیانداوە .

سەرۆکی رابیتەی مۆزەخانە فۆلکلوریەکانی عێراق، باسیلەوەشکرد: ئامانجێکی دیکەی مۆزخەنەکە ئەوەیە کە بەنەوەکانی ئێستا و ئایندەی پیشانبدەین کە چۆن لەرابردوو دا سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکانی کەرکوک بە ئاشتی و برایەتی پێکەوە ژیاون و کاریان کردوە و لەئێستا و داهاتووش دەتوانن بەهەمان رۆحیەتەوە پێکەوە ژیان بکەن.

# « معهد الفنون الجميلة ينظم مهرجان التناغم السنوي»

ئامادەکردنی / ڕەوان تاڵیب



**اقام معهد الفنون الجميلة الصباحي للبنين في كركوك مهرجان التناغم السنوي للعام الدراسي ٢٠٢١ - ٢٠٢٢**

وتضمن المهرجان الذي حضره معاون المدير العام للشؤون الفنية السيد عمر قادر و مديرة قسم الاشراف الاختصاصي السيدة بروين وهاب والسيدة ريفان انور صالح مديرة المعهد وجمع غفير من الضيوف الكرام ، لوحات فنية تحكي عمق الاخوة والتعايش بين مكونات مدينة كركوك .

وقدم عدد من الطلبة والطالبات عزف موسيقى واغاني فلكلورية باللغات القوميات المتعايشة ، مع ارتداء الازياء الشعبية التي مثلت قوميات المدينة ، و كذلك اقامة معرض شخصي للسيد حسن رشيد درويش ومعارض لبعض طلبة المعهد التي جسدت تناغم القوميات في كركوك .

واشاد الحاضرين بجهود السيدة ريفان انور صالح مديرة معهد الفنون الجميلة الصباحي للبنين وجهود الكادر التدريسي والإداري في المعهد لحسن تنظيم فعاليات المهرجان وتنوع فقراته الفنية التي جسدت التناغم بين طلاب والطالبات .١٧:٥٤



# یەکەمین پێشانگای گوڵ بەبەشداری سەرجەم پێکهاتەکان لەکەرکوك بەڕێوەچوو



**یەکەمین پێشانگای گوڵ، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی کەرکوک بەهاوکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتجێکردنی عێراق، لە ڕۆژی ٢٧ - ٣٠ / ٢٠٢٢/٣، بەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە شارەوانیەکانی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک و پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و بەشداری هاوڵاتیانی شارەکە بەڕێوەچوو.**

لەوبارەیەوە، ئاری سیفەدین، بەڕێوەبەری شارەوانییەکانی کەرکوک، لەبارەی ئامانجی کردنەوەی پێشەنگاکە رایگەیاند: ئامانجمانە وێنەیەکی جوانی کەرکوک لەڕێگای ئەم پێشەنگایەوە بنێرین بۆ سەرجەم پارێزگاکان کە ئێمە دەمانەوێت کەرکوک بە گوڵ و سەوزای ئاوەدانبکەینەوە.

هەروەها راشیگەیاند: جگە لەو ئامانجە دەمانەوێتش هاوڵاتیانی خۆمان هۆشیاربکەینەوە کە گرنگی زیاتر بە گوڵ و سەوزای لە پارێزگاکە بدەن.

هەروەها، فەریدون عادل ، بەڕێوەبەری شارەوانی کەرکوک، رایگەیاند: ئەم پێشنگایە چەندین گوڵ ونەمام لە خۆ دەگرێت کە لەسەرجەم پارێزگاکانەوە بەشداری تێداکراوە و بۆ بەسەربردن و لێک نزیکنوونەوەی هاوڵاتیانە کە بەدیمەنی گوڵ و نەمامەکان شاد دەبن.

ئاماژەی بۆئەوەشکرد: سەرۆک مام جەلال کەرکوکی بە شاری چەپکە گوڵەکە ناوبردوە، ئەم پێشەنگایەش ئمونیەکی لەو جۆرەیە کە سەرجەم گوڵەکان کۆکرانەتەوە و سەرجەم پێکهاتە و نەتەوەکانی کەرکوک بەشداریان تێداکردوە و دەیانەوێت کەرکوک گوڵ رێژ و سەوز بکەن.

بەوتەی سەرپەرشتیارانی پێشەنگاکە، ئەم کارە هەنگاوێکی باشە بۆ بایخودانی زیاتر بە ژینگەی شارەکە و پاراستنی ژینگە و جوانکردنی .

هاوکات عەلی حەمادی ، یاریدەدەری پارێزگاری کەرکوک، کە بەشداری پێشەنگاکەی کردبوو رایگەیاند: بەردەوام دوبین لە جێبەجێکردنی ئەو پلانانەی دەبنە مایەی جوانترکردنی شار و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.


راشیگەیاند: ئیدارەی پارێزگا لە پلانیدایە پەرەی زیاتر بدات بە پشتێنەی سەوز بەدەوری کەرکوکدا و دروستکردنی باخچەی زیاتر بەهاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان،

وتیشی : کەرکوک شارێکی نەوتییە و بەهۆی زۆربوونی دوکەڵی کارگەکانەوە ژینگەی پیس بووە بۆیە ئەرکی هەموانە هەوڵی پاککردنەوەی ژینگە و گرنگیدانی زیاتر بەسەوزای بدەین.

لای خۆیەوە ئازاد عاسی، سەرۆکی شارەوانی خاڵخاڵانی سەربە پارێزگای کەرکوک،کە بەشداری پێشەنگاکەی کردبوو، وتی: ئێمە جگە لەوەی بە چەندین نەمام و گوڵ بەشداریمانکردوە و بەڵکو لە ڕێگای چەندین مادە و پالاستیکی کۆن و لەکارکەوتوو ، توانیومانە بیانکەین بە کەرەستەی جوانکاری و گوڵ و نەمامی لێبچێنین.







ئامادەکردنی/ ڕەوان تاڵیب

# مێژووی جموجوڵە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کەرکوک

**بەشی یەکەم**

**شاری کەرکوک هەر وەک چۆن لە گۆڕەپانەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پیشەسازی و هونەری تەلارسازی و گەلێ شتی تر پێشەنگ بوە،لە هەمان کات دا لە دروست کردن یان باوەش کردنەوە بۆ ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان و وەرزشیەکان بێ ئەرزش نەبوە، گرنگی شارەکەش وای کردوە ڕێکخراوو بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی عێراق بیر لەوە بکەنەوە،کەرکوک وەک ناوەندێکی گرنگ ببینن تا بارەگاو بنکەی خۆیانی لێ بکەنەوە،گەشە بە بزوتنەوە یان ئایدیاکەیان بدەن،لەبەر ئەوەی کەرکوک گرنگیەکی ستراتیژی جیهانی و ناوچەی هەیە بۆیە هەمیشە کەرکوک وەک ناوەندێکی حیزبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەرکەوتوە گرنگی خۆی هەبوە.**

بۆیە دەبینین گەلێک ڕێکخراوو حیزب و جوڵانەوە لە کەرکوک سەری هەڵداوە ،یان بارەگاو لق و بنکەیان لە ناو کەرکوک داناوە و گەشەیان کردوە،وەک حیزبی هیوا،کۆمەڵەی ڕزگاری، کۆمەڵەی دارکەر، ڕێکخراوی ئازادی کوردستان، لقی حیزبی شیوعی، لقی پارتی دیموکراتی کوردستان، لقی ژ.ک ، لقی حیزبی نەتەوەیی دیموکراتی، کۆمەڵەی یارمەتی لێقەوماوانی ئەرمەن، کۆمەڵەی دیاری ئیسلام،کۆمەڵەی یارمەتی قوتابیانی هەژار، کۆمەڵەی چاکەی سریانی ئەرثدۆکس، کۆمەڵەی ئۆتۆمبێل، کۆمەڵەی بەزەیی کارانی کوردستان، ڕێکخراوی هاجانا، بزوتنەوەی هاڵتۆس،کۆمەڵەی تۆرانچێتی،لقی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، لقی نادی اخوان الحریە، حیزبی کەرانی کەرکوک ، کۆمەڵەی شوان. ئەوەی جێگای هەڵوەستە لێکردنە لە دروستبونی ئەو بزوتنەوەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانەی شاری کەرکوک هەر یەکەیان چەندین توێژوو چینی کۆمەڵی کەرکوکی لە خۆی گرتوە لەبەر ئەوەی کەرکوک شارێکی فرەنەتەوەی وئاینییە ڕێکخراوە سەرهەڵداوەکانیشی لە سەر ئاستی نەتەوەی و ئاینی و کۆمەڵایەتی وسیاسی و مرۆڤایەتی ڕەنگیان داوەتەوە تەنانەت لە دروستبونی هەندێ ڕێکخراویش دا ڕۆڵی گەورە هەبوە لە تێکدان و ئاژاوە شەڕو نانەوەی دوبەرەکێ و قین و بڕێوی لە نێوان نەتەوەکانی کەرکوک دا.

جا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەو ڕێکخراوو کۆمەڵەو بزوتنەوانە کە لە شاری کەرکوک سەری هەڵداوە یان لق و بارەگایان لێ کراوەتەوە بۆ چ مەبەست و بەرنامەیان چی بوەو ئەو کەسایەتیانەی ڕۆڵیان گێڕاوە کێ و چ کارە بونە.

**★ڕێکخراوی ئازادی کوردستان**

لە بیستەکان لە ناوچەی کفری سەری هەڵداوە لەلایەن کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی ناوچەکەوە وەک حەمە بەگی فەتاح جاف، شێخ جەمال تاڵەبانی، موفتی سەعید ئەفەندی سیوەیلی، وەستا ساڵحی جلدرو، تۆفیق ئاغای گەڵاڵی، مەلا محێدین مەلاسەعیدی زەلزەلە، ڕەئوف بەگی جەلالی کەرکوکی، سەید محەمەد جەباری، ئەم ڕێکخراوە نەیتوانی درێژەو بەردەوامی بەچالاکیەکانیان بدەن چونکە زۆر لە ئەندامیان چونە ناو دەزگاکانی دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق و هەندیکیشیان بەهۆی کۆچکردنیانەوە ڕێکخراوەکە تەنها بۆ مێژوو مایەوە.

**★کۆمەڵەی دارکەر**

لە نیوەی یەکەمی ئەیلولی ١٩٣٧ کۆمەڵەیەکی بچوک بەناوی کۆمەڵەی دارکەر لە قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەی مەرکەزی کەرکوک دایانمەزرا کۆبونەوەی یەکەمی سازدا و دووم کۆبونەوەیان لەماڵی بورهان جاف ئەنجام درا، لە حوزەیرانی ١٩٣٧ لەباخچەی(ام الربیعین) کۆنگرەی خۆی ئەنجام دا و ٦٠ئەندام بەشداری کۆنگرەکەیان کرد کە (دڵدار)و(مارف بەرزنجی)وتاریان دەربارەی کۆمەڵە خوێندەوە، ناوی دارکەر لەکۆمەڵەی (کاربۆناڵی... خەڵوزفرۆشانی) ئیتالیا وە هاتوە، دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێت کۆمەڵەی دارکەر بەرنامەی نوسراویان نەبوە،بەڵکو بەرنامەو پەیڕەوی کۆمەڵەکە بەدەمی و لەسەر زار دەوترایەوە، کۆمەڵەی دارکەر لە سلێمانی و هەولێرو کۆیەوکفری و چەمچەماڵ و شەقڵاوە لقیان دامەزراندبوو زۆربەی ئەندامانیان لە مامۆستاو قوتابیان بوو،لە کەرکوک لەلایەن یونس ڕەئوف دڵدار،موکەڕەم تاڵەبانی،بورهان جاف، مارف بەرزنجی،ڕەشید باجەلان،فازیل تاڵەبانیەوە بەڕێوە دەبران.

**★حیزبی هیوا**

لە ساڵی ١٩٣٩ لەسەر بناغەی ڕێکخراوی دارکەر دامەزرا، لاوانی دارکەر بۆ بەرەوپێشچونی ڕێکخراوەکەیان پەیوەندیان بە ڕەفیق حلمیەوە کرد ،لەسەر پێشنیاری حیلمی کۆمەڵەکە کرایە هیوا و خۆشی بوە سەرۆکی کۆمەڵەی هیوا،حیزبی هیوا لە ڕۆشنبیران و قوتابیان و ئەفسەرانی کوردو ئاغاو دەرەبەگەکانی کوردستان پێک هاتبوو،ئەندامە لێهاتوەکانی حیزبی هیوا بریتی بوو لە محەمەد قەرەداغی، عەبولقادر زەنگنە، وەهاب قەمبەر، عەبدولرەحمان کەریم، تاهیر ساڵح عەتا تاڵەبانی، محەمەد نەجیب تاڵەبانی، ئەحمەد بابان ، مستەفا جاف،شەوکەت جاف، ئەحمەد براحەمە، شێخ ئەحمەد شاکەلی ،سابیر حاجی فەتحوڵا.

لەساڵی ١٩٤٣بیروڕای چەپ لە نێوان هەندێ لە ئەندامانی هیوا گەشەی کرد تالە ساڵی ١٩٤٤ بە زەقی ئەو چەپگەراییە زەق بوەوە،ئەمەش بوە دروستبونی کێشە لە نێو ئەندامەکانی بۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥و١٩٤٦هیوا هەرەسی هێناو ئەندامەکانی بڵاوەیان لێکرد.

★حیزبی نەتەوەی دیموکراتی لقێکی بارەگاکەیان لەشاری کەرکوک دامەزراندوە بەڵام ژمارەیەکی کەمی خەڵکیان لەگەڵ بوە ،ڕۆژنامەیەکیان بەکوردی دەرەکرد سدیق بلوکێن سەرپەرشتی دەکرد بەناوی ڕای گەل کە چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچوو.

**★لقی کۆمەڵەی ڕزگاری کورد**

لە ١٩٤٥لە حیزبی شیوعی کوردو هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵەی هیواو ژمارەیەک بێ لایەن دروست بوو،هەریەک لە ساڵح حەیدەری و نافع یونس وتەها محێدین وعەلی مەجیدو نوری شاوەیس و جەعفەر حەمەکەریم و ڕەشید باجەلان عەلی حەمید دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە بوون کە بارەگاو لقی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان هەبو،بەپێی چەند بەڵگەنامەیەکی سەردەمی پاشایەتی ناوچەی کفری و کەرکوک شوێنی گرنگی بڵاوبونەوەی ئەم حیزبە بون.

**★لقی بزووتنەوەی (حالتوس)ی پێشڕەو**

ئەم بزووتنەوەیە لە کاتی بشێویە گەورەکە کە بە فەرهود ناسراوە لە حوزەیرانی ١٩٤١ دامەزراوە لەسەر بنەمایەکی نهێنی لەلایەن چەند

جولەکەیەکەوە بۆ ئەم کارە نێردرانە عێراق ڕێکخراوەکەیان دامەزراند لەوانە سیرین، خضوری،جوتهان، لاوانی تەمەن ١٤تا ١٧ ساڵانیان ڕێکدەخست،سەرەتا بزوتنەوەکە لە بەغداوە دەستی پێ کرد پاشان لقی لە هەولێرو کەرکوک و عەمارەو حلە کردەوە،لە ساڵی ١٩٤٦بزووتنەوەکە دەستی کرد بە وەرگرتنی لاوانی جولەکە لە کەرکوک،بەڵام پاش کۆچکردنی ئەندامەکانیان بۆ ئیسرائیل و بە بۆنەی بڵاوبونەوەی شیوعیەت و ئاشکرا بونی ڕێکخراو شانە نهێنیەکانی ڕێخراوەکە بەرەو پاشەکشە هەنگاوی نا.

**★لقی ڕێکخراوی هاجانا**

لەساڵی ١٩٤٦لەشاری کەرکوک لقی لێکرایەوە وەک ئەوەی لەبەسرە لقی هەبوو،بەڵام ئەم ڕێکخراوە چالاکیەکانیان بەرەو نەمان چون دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٠-١٩٥١ لەبەر زۆری کۆچی یەهودیەکان بەرەو ئیسرائیل و پاش گیرانی شالۆم سالح کە چالاکترین ئەندامی ڕێکخراوی هاجانا بوو کە دەستی هەبوو لە هەڵگرتنی چەک لە (کنس)،ئەم ڕێکخراوە لەو چوارچێوەیە سەری هەڵدا کە تەنها مەبەستیان کۆچکردن بێت بەرەو فەلەستین.

★لقی یانەی(اخوان الحریه)،نوسەری بەریتانی فریاستارک بیروکەی ئەم ڕێکخراوە بوو لە ساڵی ١٩٤١ لە بەغدا دامەزرا،لە ساڵی ١٩٤٣ لەهەموو ناوچەکانی کوردستان بڵاوبوەوە،نادی اخوان الحریە و بنکەی ڕۆشنبیری بەریتانی دوو دەزگای گرنگ بوون بۆ بڵاوبونەوەی ڕۆشنبیری ئینگلیز لە بەغداو موسڵ و کەرکوک و بەسرە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر هەموو چینەکانی کۆمەڵ و یەکە کارگێڕیەکانی عێراق و شیکردنەوەیان لە بەرژەوەندی خۆیان، دەربارەی چالاکیەکانی کۆمەڵە لە کەرکوک ڕۆژنامەی کەرکوک سەبارەت اخوان الحریە نوسیویەتی دەستەی دامەزرێنەری ئیبراهیم ئیسماعیل ئال جەمیل بەڕێوەبەری ناوچەی سەروی ڕۆژهەڵات کۆبونەوەو بڕیاردراوە مەکی سدقی شەربەتی موتەسەڕفی کەرکوک ئەندامێکی شەرەفی ئەم کۆمەڵەیە بێت و موتەسەڕیف داواکەیانی قبوڵ کردوە،بۆیە کۆبونەوە ١٩٤٣/٦/١١کراوەو هەڵبژاردن بە شێوەیەکی نهێنیئەنجام دراو ئیبراهیم ئیسماعیل ئال جەمیل بە سەرۆکی لقی کەرکوک هەڵبژێردرا.

★کۆمەڵەی یارمەتی لێقەوماوانی ئەرمەن،ئەم کۆمەڵەیە لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٣٣ وەک کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی لە کەرکوک دامەزرا بۆ هاوکاری کردنی ئەرمەنە لێقەوماوەکان.

**★کۆمەڵەی نهێنی تۆرانچی**

لە ١٩٢٠لە شاری کەرکوک دامەزرا ،داوای گەڕانەوەی عوسمانیەکانیان دەکرد بۆ کەرکوک،کۆمەڵەکە دژی بەرژەوەندی بەریتانیاو بە قازانجی تورک بەشداری ململانێی سیاسیان دەکرد،شێخ قادر سیامەنسوری تاڵەبانی و عەشیرەتەکەی هاتبونە ناو کۆمەڵەکەوە،کاتێک ڕێگای نێوان کفری کەرکوک لەلایەن شێخ قادر سیامەنسوریەوە گیرا چارەیەک بۆ (مێجر لۆنگریک) نەمایەوتەنها هەڵکوتانە سەر دێی سیامەنسوروو وێرانی کرد،کۆمەڵەکەش پەرتەوازە بن و هەڵوەشایەوە.

★لقی کۆمەڵەی ژ.ک

ئەم کۆمەڵەیە لەساڵی ١٩٤٣ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بوو،هەر زوو پەلوپۆی بۆ زۆربەی کوردستان هاویشت وەک کەرکوک و هەولێرو سلێمانی و شەقڵاوەو ڕەواندزوو تەنانەت لە باکورو ڕۆژئاواش لقی لێ دامەزرا،هەر زوو کۆمەڵەی ژ.ک پەلوپۆی لەسەرتاسەری کوردستان هاویشت و ، حسێن خانەقا بە لێپرسراوی لقی کەرکوک دانرا وسەعید محمەد ناسراو بە سەعید تەتەر ڕێگە پێدراو بوو بۆ هاتوچۆکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کاروباری حیزب.

**★کۆمەڵەی چاکە لە کەرکوک**

لە ساڵی ١٩٤٨ دروست بوە،ئامانجی خزمەتکردنی کەنیسە بوە لە هەموو ڕوویەکەوە، بەتایبەت لایەنی ئابوری،سازدانی ئاهەنگی کۆمەڵایەتی بە قازانجی سندوقی کەنیسە بۆ یارمەتی دانی لێقەوماوان و کەم دەرامەتەکان،ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٥٥ماوەیەک لە چالاکیەکانی کەوت پاشان دوبارە ژیایەوەو تا ئێستا بەردەوامە بۆ خزمەتی کەنیسەکانی کەرکوک.

**★لقی کۆمەڵەی ناڵپارێزی کەرکوک**

ڕۆژنامەی کەرکوک لە ژمارە (١٨٠٧) ی ڕۆژی ١٩٦٣/١/١٣ لەباسی کۆمەڵەی ناڵپاریزی لقی کەرکوک نوسیویەتی لەکاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی هەینی ١٩٦٣/١/٢٥ لە بارەگای کۆمەڵەکە هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵە کراو دکتۆر ڕەزا تاهیر بە سەرۆک ،حسامەدین ساڵەیی بە جێگر، نازم ساڵەیی بە سکرتێر، شاکر شوکری بە سندوق دار، د.جۆرج نوری بە ئەندام، د.خەیری حەججاسی بە ئەندام، د.سابیر ڕەشید بە ئەندام، محمد ی ساڵەیی بە ئەندام ،حاجی عەبدولواحد بە ئەندام هەڵبژێردران.
★یانەی ئۆتۆمبێل، ئەم ناوە تەنها لە (دلیل العراق الرسمی)دا لە ١٩٦٠دا هاتوە،بۆیە هیچ شتێک دەربارەی یانەکەو ئەندامەکانی نازانرێت.

**★یانەی سەلام**

ئەم یانەیەش هیچ شتێک دەربارەی نەزانراوە تەنها لە (دلیل العراق الرسمی) لە ١٩٦٠دا ناوی هاتوە.

**★کۆمەڵەی دیاری ئیسلام**


لە بەغدا لە ١کانونی دوەمی ساڵی١٩٣٠دامەزراوە، لە ٣١ی حوزەیرانی ١٩٣٣لقی لە شاری کەرکوک کردۆتەوە،ئەم کۆمەڵەیە لە چلەکان دا دەوری باڵای هەبوە لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە دژی ئینگلیزەکان و یەهودو بزوتنەوەی سەهیۆنی لە فەلەستین.

**★لقی حیزبی شیوعی عێراق**

لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری عێراق بزوتنەوەی شیوعیەت لە کەرکوک کەوتە چالاکی نواندن،هەرچەندە پارتی لەناو قوتابیان و لاوان و کرێکارانی کورد دەوریان دەگێڕا،بەڵام دوای نیسانی ١٩٥٩کاتێ داود جەنابی بوە سەرۆکی فرقەی دوو لە وێستگەی شەمەنەفەر لە شاری کەرکوک ماوەی سێ مانگ مایەوە، لەو ماوەیەدا شیوعی لە کەرکوک زۆر پەرەی سەند،بارەگای گەنجان(شەبیبە) لە هەموو گەڕەکە کوردی و تورکمانیەکان کرایەوە،ڕێکخراوی ئافرەتان وجوتیاران ولاوان و قوتابیان و کرێکاران کەوتە دەست شیوعیەکان،بەڵام پاش ڕۆیشتنی داود جەنابی عەمید ڕوکن مەحمود عەبدولوەهاب بوە جێگری قائید،زۆربەی تورکمانەکان لەترسا لە حیزبی شیوعی هەڵگەڕانەوەو تەنانەت بونە نەیاری حیزب.


شوان خورشید

# » مكتبة كركوك المركزية ...
# صرح ثقافي لخدمة القراء والمثقفين بجميع القوميات «



**تأسست المكتبة المركزية العامة في كركوك عام ١٩٣٢ في دائرة المعارف آنذاك وكانت تديرها لجنة من المعلمين ، وبعد ذلك وفي عام ١٩٣٧ انشئت البناية الحالية واستخدمت كمكان للمكتبة العامة .. وتحتوي المكتبة على عدة قاعات منها قاعة المطالعة وذلك يرتادها المراجعون من كل الفئات والطبقات وقاعة اخرى للموظفين وقاعتان للكتب وتشمل جميع الاصناف من فهرس والمكتبات والدين الاسلامي وديانات اخرى وعلم النفس والقانون والشرطة والمرأة وعن الرياضة والفن والرسم والروايات ودواوين الشعر والنحو والتاريخ والجغرافية، التاريخ يشمل (تاريخ العراق قديماً وحديثاً وتاريخ مصر والسودان وايران وليبيا وتاريخ اوروبا واسيا) وبكل اللغات : العربية ، الكوردية ، التركية ،الانكليزية وعدد قليل من الفرنسية .**

وقالت مديرة مكتبة كركوك المركزية ناسكة سلام ان هذا الصرح الثقافي يعد من الصروح العريقة في المحافظة الذي يخدم قراء و مثقفي كركوك بمختلف القوميات والاطياف ، اذ تحتوي المكتبة على عدد ما لايقل من ٣٠ الى ٣٥ الف من الكتب والمصادر وباللغات العربية والكوردية و التركية ، لافتة الى انه بالاضافة الى الخزين الموجود من الكتب والمصادر الموجودة في المكتبة المركزية الا ان ادارتها تحرص في رفد كتب ومصادر حديثة بالدرجة الاساس من خلال شرائها في مكتبة الاسواق المحلية او معارض الكتب التي تقام سنوياً رغم التخصيص المالي البسيط وكذلك يتم رفد المكتبة بالكتب من قبل المثقفين والمؤلفين والناشرين من اهالي كركوك كوردا وعربا وتوركمانا والكلدو الآشور و من وبعض المحافظات العراقية وكذلك بعض الاوقات من حكومة اقليم كوردستان عن طريق المكتبة العامة في السليمانية او المكتبة العامة في اربيل.

اما بصدد ترميمات المكتبة العامة في كركوك فقد اشارت ناسكة سلام الى الترميمات الاخيرة لبناية المكتبة التي كانت في شهر شباط من العام المنصرم من قبل جمعية الامل العراقية مشكورة حيث قامت بمبادرة ترميم المكتبة بطلاء الواجهة وغرفها وانارات قاعات المصادر والمطالعة اضافة الى ماستيك سطح البناية ، شاكرا جهود هذه المنظمة في دعمها لهذا الصرح الثقافي.

وعن الدعم الموجود للمكتبة المركزية اوضحت ناسكة سلام ان الدعم بسيط وذلك لعدم وجود باب تخصيص ثابت للمكتبة، مؤكدة ان المكتبات

تعتبر من المؤسسات الثقافية والتثقيفية يحفظ فيها التراث الثقافي والانساني الحضاري حيث تعمل على تربية جيل مثقف وواعٍ قابل على تحمل المسؤولية في المستقبل ، ولابد من اعادة النظر في المكتبات من جميع النواحي ودعمها معنوياً ومادياً ومن الجميع سواء من الجهات ذات العلاقة او منظمات المجتمع المدني.

**كركوك / رزكار شواني**



## کەرکوك...

# کچێك ویستی لە باڵەخانەیەکەوە خۆی فڕێ بداتە خوارەوە

## پۆلیس بەری بەر هەوڵەکە گرت و کچەکەی ڕزگارکرد

**ڕووداوەکـەوە لـە ناخۆشـیەوە گـۆڕا بـۆ خۆشـی و شـەکراوی کچـەو کـوڕە خورایـەوە**



لە ٤ ی نیسان ی ئـەم ساڵ لە شـاری کەرکـوك، ڕێگری لە هەوڵێکـی خۆکوشـتن و خـۆ فڕێـدان لـە باڵەخانەیەکـەوە کـرا، کـە کچێـك لەبەرانبـەر ڕێگریکـردن لـە هاوسـەرگیری لەگـەڵ ئـەو کـوڕەی خـۆی بـە دڵیەتـی، ویسـتی لـە یەکێـك لـە باڵەخانەکانـی شـارەکەوە خـۆی فڕێبـدات و دوای چارەسـەرکردنی کێشـەکەش شـەکراوی کچـەو کـوڕە خواردرایـەوەو خۆشـی و شـادی لێکەوتـەوە.

لـە حاڵەتێکـی سـەیرو دەگمەنـدا، بەهـۆی ئـەوەی خانەوادەکـەی ئامـادە نەبـوون هاوسـەرگیری لەگـەڵ ئـەو کـوڕە بـکات کـە خـۆی بـە دڵیەتـی، کچێکـی تەمـەن (٢٣) لەسـەر یەکێـك لـە باڵەخانەکانـی شـاری کەرکـوك هەوڵـی خـۆ فڕێـدان و خـۆ کوشـتنی داو دوای چەندیـن هـەوڵ ڕووداوەکـە بەجۆرێکیـتر شـکایەوەو لەجێـی ناخۆشـی، خۆشـی بـەدوای خۆیـدا هێنـاو خێزانەکـەی ڕەزامەندبوون بـە هاوسـەرگیرییەکەو کچـەو کـوڕە بـە ئاواتـی خۆیـان گەیشـتن و شـەکراوی خۆشـی و شـادییان خـواردەوە.

لـە قەناعـەت پێکردنـی هـەردوو خێزانەکـەو بەرگەگرتـن لـەو هەوڵـە خۆکوژییـە، بنکـەی پۆلیسـی دۆمیـزو عەمید کاوە غەریـب، فەرمانـدەی پۆلیسـی کەرکـوك، ڕۆڵێکـی سـەرەکییان بینـی لـە ڕزگارکردنـی کچەکـەو هەروەهـا قەناعـەت پێکردنـی هـەردوو خێزانەکـەو تادواجـار ڕووداوەکـە لـە ناخۆشـییەوە گـۆڕا بـۆ خۆشـی.

لـە بـارەی ڕوواوەکـەوەو هەوڵەکانیـەوە بـۆ نزیککردنـەوەی هـەردوو خێزانەکـە، عەمیـد کاوە غەریـب، فەرمانـدەی پۆلیسـی کەرکـوك، ڕایگەیانـدووە: دوای ٢ سـەعات لـە ڕووداوی هەوڵدانـی خۆکوشـتنەکە لەگـەڵ هـەردوو خێزانـی کـوڕو کچەکـە لـە نوسـینگەکەی خـۆی کۆبوەتـەوەو ڕەزامەندییـان دەربڕیـوە لەسـەر هاوسـەرگیرییان بـە ئامادەبوونـی کچەکـەو هاوسـەری ئاینـدەی.

ئەمـەش ئـەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنێت، کـە پۆلیسـی شـارەکە بەڕاسـتی لـە خزمەتـی پاراسـتنی سـەرو ماڵـی هاوڵاتیانـی شـارەکەیە بـە بـێ جیـاوازی و لـەو پێناوەشـدا هەمـوو هەوڵەکانـی خسـتۆتەگەڕو جێـی دەسـتی دیـار بـووە سـەقامگیری ئەمـن و ئاسایشـی شـارەکە.



**ئا / ڕەوان تاڵب**

# چەرمو لانکەی شارستانیەت

شوان خورشید

**شاری کەرکوک یان ڕەوا تر بڵێین ناوچەی کەرکوک جگە لە دەشتاییە بە پیت و فراوانەکەی بۆ کشتوکاڵ و سامانە ژێر زەویەکەی و ستراتیژی ناوچەکە لە ڕوی ئاڵوگۆڕی پیشەسازی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەبینین دەیان ناوچەی گرنگی پڕ لە شارستانیەتی لێ قوت بوەتەوە کە دەرخەری مێژوی دێرینی شارو ناوچەکەیە وەک قەڵاو قشڵەو منارەی داقوق و قەیسەری و دەیان کەنیسەو مزگەوت و باڵەخانەی جوانی بێ ئەندازە لە هونەری پڕلە چێژی بیناسازی ،لێرەدا قەڵای جەرمو یان شوێنەواری چەرمو دەخەینە بەر دید کە هەمیشە نەک بۆ کەرکوک بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی جێگای شانازیە چونکە بۆ یەکەم جار کشتوکاڵ کراوە لە چەرمو سەری هەڵداوە و ژیان لەوێوە دەسی بەهەنگاو نان ناوە.**

(سارلوت ئۆتن) بەهاوکاری (فەرەج بەسمەچی) نوێنەری کارگێڕی پاشماوە دێرینەکانی عێراق،ئەم گروپەی نێردەکە بۆ توێژینەوە لە پاشماوەی چەرمو لە ٢٤ی مایسی ١٩٤٨ی زاینی دەستیان بە لێکۆڵینەوەو پشکنین و هەڵکەندنی شوێنەوارەکە کرد بە تایبەتی لەباکوری گۆشەی گردەکە ماوەی هەفتەیەک کاریان لێی کرد،تا دوبارە لە ئەیلولی ١٩٥٠ی زاینی دەست کرایەوە بە پشکنین و هەڵکەندنی شوێنەوارەکە بەردەوام تا ساڵی ١٩٥٥،نێردەکە گەیشتنە ئەو ئەنجامەو بۆیان دەرکەوت ئەم شوێنەوار نشینە لە ١٦ چینی نیشتەجێ بوون پێک هاتوە بە جۆرێک تا قوڵای ٢٣ پێ پاشماوەی کۆنی لێ دۆزرایەوە،قەڵای چەرمو پانزە کیلۆمەتر کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی قەزای چەمچەماڵ و ٣٥کیلۆمەتر ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوکەوە.



لێرەدا پاشماوەی دێیەکی کۆنی لێ دۆزرایەوە بە ڕوبەر ١٤٠٠مەتر چوارگۆشە، بەرزیشی لەسەر ئاستی دەشتاییەکەی دەوروبەری ٢٣ پێیە،دوای دۆزینەوەی دەرکەوت کە ڕوبەرەکەی ٩٠ بە١٤٠مەترە، لەبەرزترین لوتکەی گردێکەو کەوتۆتە نێوان ڕێگای سەرەکی کەرکوک -سلێمانی ودەستە چەپیشی ڕێگای چەمچەماڵ-سەنگاوە، پاشماوەکەی بە ٧مەترە لە بەرزترین لوتکەی گردەکەی کە لەسەری بنیات نراوە،لە گەڵ ئەوەش دا کەوتۆتە سەر دۆڵێک یەکێک لە لقەکانی ڕوباری عوزێمی پێیا تێدەپەڕێت ئەویش ڕوباری داقوقە،چەرموو واتە سپی تا ئێستاشی لەگەڵ بێت لە ناوچەی چەمچەماڵ دێیەکی نیزیک بەم شوێنەوارە هەیە بە قەڵای چەرمو ناودەبرێت، سەبارەت بە دیاریکردنی مێژووی شارستانیەتی جەرموو کە بە پشکنینی (ڕادیۆ کاربۆن )ئەنجام دراوە مێژوەکەی بۆ ساڵی (٦٧٥٠)ی پێش زاین ئەگەڕێننەوە،بەڵام بەهۆی لێدانی تیشک لەسەر گوێچکەی ماسیەکانی ناوچەکە ساڵی (٤٧٥٠)پێش زاین بۆ دانراوە،هەرچەند بەزۆری لەسەر ڕای یەکەم کۆکترن، لێکۆڵەرەوەکان توانیویانە ١٦ چینی ئاسەوار یان نیشتەجێی لێ بدۆزنەوە،هەندێک لە ئاسەوارناسان پێیان وایە ژمارەی ماڵەکانی چەرمو خۆی لە ٥٠ماڵێک داوەو ژمارەی دانیشتوانەکەی ٣٠٠ کەسێک بونە.

قەڵای چەرمو لە چلەکان لەلایەن فەرمانگەی پاشماوە دێرینەکانی عێراقەوە دۆزرایەوە،لە ساڵی ١٩٤٨ی زاینی نێردەیەکی هاوبەشی شوێنە مێژوییە دێرینەکانی سەر بە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکاو زانکۆی هارفۆرد بەسەرپەرشتی ئەندازیاری بە ئەزمون (ڕۆبەرد بریدوود ) شارەزا لە زانستی نەژاد وشارستانی پێش مێژوو سەرەڕای ئەوەی ئەندازیارێکی لێ هاتوی ئاوەدانی بوو،بە یارمەتی (لیند بریدوود) هاوسەری کە پسپۆڕی هەبوو لە توێژینەوەی پاشماوە دێرینەکانی پێش مێژوو،لەگەڵ وێنەگری نێردە خاتوو

ڕای جیاواز لەو نێوەندەدا هەیە هەندێک لە شیکەرەوان پێیان وایە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ١٥٠کەس بووە لەگەڵ ژمارەی خانووەکانیان ٢٥ تا ٣٠ خانویەک بوە،چەرمو بە یەکێک لە کۆنترین مەڵبەندەکانی مرۆڤ دادەنرێت لەم چەرخانەدا،کە (میتاڵ) واتە مەعدەن بەکار هاتوە بە تایبەتی مسگەری و مس لێرەوە پەیدا دەبێت مرۆڤ پێی ئاشنا دەبێت،١٦ چینی شارستانی لە چەرمو دۆزراوەتەوە کە هەر چینەی هی چەرخێکە، لە چینی یەکەوە هەتا چینی دە، هی سەردەمەکانی بەردە،واتاهەر بەرد بەکار هاتوە لە ژیانی ڕۆژانەیان دا،لە چینی یانزەوە گڵ پەیدا دەبێت،کەواتە چینەکانی دوای لە چەرخەکانی گڵ و میتاڵ دایە،ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە لە چاخی بەردینەوە ئاوەدان بوە کە نیزیکەی دەهەزار ساڵ پێش زاین دەکات،بە گشتی چەرمو وێنەی لادێیەکی پێشکەوتو پڕ بە پیت و بەرەکەتی چەرخەکانی شەش.

لە کاری کشتوکاڵی و پیشەسازی و تەنانەت نیشتەجێ بونیش دا سەرقافڵەی دەوروبەر بونە چونکە بۆ یەکەم جار لە مێژوی مرۆڤایەتی کشتوکاڵ لە چەرمو کراوەو.

پاشماوەکانی گەواهی ئەوە دەدەن کەوا پێشکەوتنیان لە چ ئاستێک دا بوە.بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پرۆفیسۆر (بریدوود ) بێت نەتەوەکانی چەرمو تەنها لە ژووروی میزۆپۆتامیا گیریان نەخواردوە بەڵکو بڵاوبونەتەوە بە گوێی ڕوبارەکان دا بەرەو خوار بۆ داهاتنی گڵێنەو گڵ،جگە لەوە ناوچەی کەرکوک هەر لە ئاسۆی شارستانی بەردینەوە بەردەوام بووەو لێکپچڕانی تێدا نەبوە،شوێنێکی وەک چەرمو لە ناوچەی کەرکوک گەواهی ئەو ڕاستیەن،هەروەها لە ڕووی هونەری بیناسازی یان بیناکاری سەرەتایەک بوو تا گۆتی لۆلۆی و سۆمەری و ئەکەدی لە پێدەشتەکانی کەرکوک گەشەکردنێکی هونەری بیناکاری و نەخش و نیگار ببێتە پیشەی خەڵکی ناوچەکە.

حەوت هەزار ساڵی پێش زاینە لە کەرکوک، یەکێکە لە کۆنترین شوێنە ئاوەدانەکانی جیهان،کە یانزە چینی ژێرەوەی هیچ شوێنەوارێکی گۆزەکاری تێدا نیە،ئەمەش سەردەمی کۆنی سەردەمی بەردینی نوێ دەگەیەنێ،کە دەتوانین بڵێین چەرمو دەچێتە سەر چاخی بەردینی نوێ،لە ڕوی ئابوری،چونکە نێردە هاوبەشە ئەمریکیەکە لە ئەنجامی هەڵکۆڵین و پشکنین بۆی دەرکەوتوە چەرمو لە ١٦ چینی نیشتەجێ بون پێک هاتوە کە زیاتر لە ٤٠٠ساڵی خایاندوە،لە چینی یەکەمەوە تا چینی یانزە چینی و قاپ و قاجاغی قورینی لێ نەدۆزراوەتەوە، ئەمەش سەرەتای نیشتەجێبون.



لە سەردەمی بەردینی کۆن دەگەیەنێت،بەڵام پێنج چینەکەی کۆتای قاپ و قاچاغ و چینی سەخسی قورێنی لێ دۆزراوەتەوە، نزیکەی ملیۆنێک پارچە دەبن،سێ یەکی ئەو پارچە دۆزراوانەی چەرمو ئێستا لە بەغدان بەشێکیشیان بردرانە شیکاگۆ تا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت،لەگەڵ ئەوەش دا لە چینی هەرە ژێرەوەی قاپ و قاچاغی لە بەردە ئەستێ و بەردی گرکانی تورکی(زجاج الترکی) لێ دۆزراوەتەوە ئەمەش ئەوە دەردەخات کەوا شارستانیەتی چەرمو هەنگاوی بازرگانی بۆ دەوروبەر ناوە،بۆیە بە هەموو مانایەک دەگەینە ئەو ڕاستیە کەوا چەرمو ئەو مەڵبەندەی ناوچەی کەرکوکە بەپێی لێکۆڵینەوەکان

بەهۆی ئەو شۆڕشە پیشەسازی و کشتوکاڵی و کۆمەڵایەتیەی لە چەرمودا سەری هەڵدا،کە دەتوانین گونجانی باری ئاو هەوا بە کارێکی گرنگی گەشەکردنی هونەری بیناکاری دابنێین،چونکە ئەگەر ئاو و هەوای لەبار نەبوایە خەڵکی چەرمو بیریان لە هونەری بیناکاری نەدەکردەوە،ئەگەر زەویەکی بە پیت و پڕ لە بەرەکەتیان لە چەرمو شک نەبردایە بیریان بەلای کشتوکاڵەوە نەدەچو،بۆیە دەبینین وەک شارەزایانی ئەو بوارە لێکیان داوەتەوە چەرمو گرنگی خۆی هەبوە لە نەخشی ناوچەکەو پێشکەوتنەکانی ئەو سەردەمە.

# « هكذا يستقبل الكركوكيون شهر رمضان المبارك »

رزكار الشواني




كركوك .. كما هي مدينة، تتآلف قومياتها بكوردها وعربها وتركمانها وكلدوآشورييها منذ الازل بروح الوئام والتعايش الاخوي ، لقد عشنا أيام شهر رمضان المبارك بصيام نهاراتها بقلوب مفعمة بالايمان مع سائر اطياف كركوك .. لرمضان نكهة خاصة في مدينة كركوك لكون ان المدينة تتعايش فيها مختلف القوميات المتآخية المسترشدة بعادات وتقاليد أجدادنا العظام، ففي هذا الشهر الفضيل تزدحم الأسواق الشعبية في المدينة وبالأخص أسواق القيصرية وجوت قاوه والحصير و إمام قاسم والقورية ورحيم آوه و شورجة وتبة ملا عبدالله وجسر القلعة، بالصائمين وهم يشترون ما لذ وطاب لموائد الإفطار . ويبقى شهر رمضان، شهر انشراح النفوس بين ابناء كركوك المتكاتفين فيما بينهم.. ففي الماضي كانت المقاهي الشعبية في كركوك وبالاخص في ايام رمضان تزدحم بالناس كبارا وصغارا على شكل جماعات وهي تنشغل في لعبة (الصينية) و(المحيبس).. الى جانب وجود صواني كبيرة من الحلويات (البقلاوة) توزع على المشاركين في تلك المقاهي.. وهناك لعبة تراثية تمارس لدى الكورد وخاصة في ليالي رمضان وهي لعبة (القبعات) وتسمى بالعامية (كلاوين) ولاتزال تمارس في بعض الاحياء الشعبية في المدينة وهي لعبة مشهورة حيث تجري مباريات حامية بين الجماعات التي تشارك اللعبة من كبار السن والتي تستمر حتى ساعة متاخرة من الليل الى جانب الأغاني الفلكلورية الكوردية، وكذلك تمارس في الأحياء الكوردية اللعبة الشعبية الفلكلورية، وتسمى بـ(دامة) التي تشبه لعبة الشطرنج

وهناك محترفون في الأحياء الشعبية يجيدون هذه اللعبة ويتسابقون فيما بينهم أمثال الشيخ ستار البرزنجي أطال الله في عمره وملا شكر خليفه ساله يي وآخرون وما تزال هذه اللعبة تمارس في أحياء آزادي وزيويه وامام قاسم وشورجه.. وفي ليالي رمضان كانت العوائل الكركوكية بمختلف القوميات والأطياف تتبادل الزيارات فيما بينها وهي تنشغل بالأحاديث الممتعة والشيقة عن الذكريات الجميلة التي عاشتها مع هذا الشهر الفضيل أيام زمان في كركوك ، ففي السابق كان الطبالون والزمارون يطوفون الأزقة وأحياء المدينة لإيقاظ الصائمين لكي يتسحروا.. ويقف بين هؤلاء الزمارين والطبالين المطربون الشعبيون الراحلون امثال صلاح داوده وأحمد داوده وكذلك المطرب فائق داوده الذي لايزال على قيد الحياة. وعلى مقربة من حديقة ام الربعين بمدينة كركوك كان هناك مسبح للضباط ابان السبعينيات من القرن الماضي وكان اهل المدينة بجميع قومياتهم يرتادون هذا المكان قرب وقت الافطار أيام شهر رمضان المبارك لكي يشاهدوا (مدفع الافطار) وهو يدوي مع آذان المغرب .

ولايزال ابناء كركوك بمختلف قومياتهم يجسدون طقوس هذا الشهر الفضيل ، مؤكدين التناغم والتعايش فيما بينهم من خلال اقامة مراسيم المناقب الدينية و تنظيم لعبة المحيبس و الصينية في الاحياء الشعبية التابعة لكركوك.

# قصة نجاح احد المتطوعين مشروع التناغم

**انا اسمي محمد احمد مجيد الملقب (حمة كاكي)من مكون الكاكي عمري ٢٠ سنه اسكن كركوك طالب جامعي في مرحله ثانيه كليه تربيه للعلوم الانسانيه .بدئتو تعرف على ست صبريه عضو في حوار والسلم المجتمعي التابع للمكتب سيد رئيس الوزراء ومع تنسيق كاك ادريس ودخلوني عالم المنضمات في تاريخ ٢٠٢١/٧/١ وعن طريقهم تعرفت على منظمه السلام والحرية ومن خلال مشروعهم ،مشروع (التناغم ) واصبحت عضو متطوع فيها وعن طريق هذا المنظمه دخلت وشاركت عديد من منظمات وورشات تدريبيه عن تماسك المجتمعي وتعايش سلمي وعل يد هذا المنظمة تغيير افكاري نحو الاحسن وتغيرت نظرتي في الحياة وتغير واضح في شخصيتي واتمنى التطور وتقدم نحو الاحسن لة افيد مجتمعي واهلي وناسي .**



وعن طريق منظمه السلام والحرية تكون لديه كثير من افكار ومبادرات تطوعية تخدم المجتمع ومن مجموعة من الامثله



١-مبادرة تزهير كليتي.
٢-سفراء النظافه.

**مبادرة تزهير كليتي**

وجائت ليه فكرة تزهير بعدما جلستو في حديقة كليه تربيه ولم ارئ اي وردة فيها فجاء لديه هذا فكرة بعد تخطيتي وتفكيري فيها والتي رئيت الجميع فيها متفاعلين معها ادت إلئ مبادرة جميلة وبدعم من سيد العميد ومعاون الاداري ورئيسه القسم وبدعم طلبه مرحله ثانيه والاول قسم علم نفس  وفقني الله بجمع التبرعات وشراء اكثر من من (١٨٥) شتل وزرعها داخل حدائق كليه تربيه وكانت هذا من أكثر انجاز وقصه نجاح افتخر بها.



**(سفراء النظافه)**


ونحن مجموعة من شباب خرجيين ومهندسين ودكاترة ومن جميع المكونات قررنا ان نعلم ونطلق مبادرة جميله وهي تنضيف كركوك وشاركنه في تنضيف قلعه كركوك وهدفنا كركوك نحو انضف واجمل.

# چۆن کەرکوک دەبێتە شاری برایەتی پێکهاتەکان

**کەرکوک ئەو زۆنەی دەناسرێت بە شاری زێڕی ڕەش لەدێر زەمانەوە بەهۆی فرە پێکهاتەیی و فرە ئایینییەوە هەردەم جێگای ململانێ و کێشەو ڕق و قینەی نێوان پێکهاتەکان بوە، بەتایبەت لەو سات و کاتانەی کە دەسی دەرەکی و بیری شۆڤێنی زاڵ بوەتە سەر پێکهاتەکان،واتا زۆرجار کێشەو ڕقبونەوەکان دروستکراو بونەو خیتابی سیاسی هۆکار بونە لە قوڵکردنەوەی کیشەو یەکتر بە دوژمن زانین.**

لە گەڵ ئەوەش دا جۆرێک لە گیانی برایەتی و یەکتر خوێندنەوە لە نێوان پێکهاتەکان بونی هەبوە،بە جۆرێک لە کاری بازرگانی و کشتوکاڵ و بازاڕی ئازادو فەرمانگەی شارەکە هەموو پێکهاتەکانی لەژێر یەک بنمیچ دا کۆکردۆتەوەو هاوکارو تەبا بونەو تەنانەت لە نێوان هەندێک لە پێکهاتەکان ژن و ژنخوازی و خزمایەتیش دروست بوە بە هۆی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەوە جۆرێک لە خاوبونەوەی ململانێکان بونی هەبوە، کە بە بڕوای زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی و لێکۆڵەرانی ئەو بوارە پێیان وایە کێشەی پێکهاتەکانی شاری کەرکوک زیاتر چاندنی ڕق و قینی هێزەسیاسیەکان و دەوڵەتە ناوچەییەکان بونە کە لە بەرژەوەندی خۆیان دانیشتوانی شاری کەرکوکیان بەکار هێناوەو خوێیان بە برینەکانیان دا کردوە لە سەرووی هەموویانەوە ڕژێمی ڕوخاوی بەعس یان دەتوانین بڵێین تا پرۆسەی ئازادی عێراق بارودۆخەکە بەو شێوەیە بووە،هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ شەوەو دوای پرۆسەی ئازادی و کەوتنی سەرانی بەعس جۆرێکی تر لە ململانێ و ڕق و کینە بیری سەرجەم پێکهاتەکانی شاری کەرکوکی تەنی ،چونکە ئەوەی دەیبینین و مەترسی لێ بەدی دەکەین ئەو یاریە مەترسی دارە نێو دەوڵەتیانەو ناوچەییانەیە کە هەردەم سوود لە ئاڵۆزی و یەکتر قبوڵنەکردنی پێکهاتەکان دەبینن و هەوڵ ئەدەن زیاتر بارودۆخی دانیشتوانی شاری کەرکوک و پێکهاتەکان ئاڵۆزتر بکەن.

جا کەواتە ئەمە بارودۆخی ئایندەی کەرکوک بێت،چی بکرێت تا ڕێگا لە ئەو ئاڵۆزی و یەکتر قبوڵنەکردنە بگیرێت، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەرکە قورسەکەو تێپەڕبون بەو بارودۆخەدا تەنهاو تەنها دەکەوێتە ئەستۆی کەرکوکیەکان و پێکهاتەکانی کەرکوک دەبێت لەو ڕاستیە بگەن کە بچوکترین مەترسی جەستەی هەمویان دەسوتێنێ و بەرەو لێواری مەرگیان غلۆر





دەکاتەوە،بۆیە باشترین چارەسەر بۆ ئەوە، پێویستە پێکهاتەکانی کەرکوک ئەو ڕاستیە بە جوانی هەزم بکەن کە سەرجەمیان یەک چارەنوسیان هەیە و دەبێت ،بە پێی بەرژەوەندی کەرکوکیانە بیریان بۆ بارودۆخەکەو چارەسەرکردنی بڕوات، بە شێویەک هەموان دەس لە نێو دەس وەک کەرکوکی بارودۆخەکەیان هەڵسەنگێنن و یەکتر قبوڵ بکەن و ئەو جیاوازیە نەتەوەیی و ئاینیەی لە نێوانیان دا هەیە لە گۆڕی نێن.

بۆ ئەمەش باشترین شت کەبکرێت پێویستە کەرکوکیەکان بەسەرجەم پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینییەوە، ئەوە بزانن کە چارەنوسی هەموان یەک چارەنوسە، گەر بەردێک لە ئاسمانەو بەربێتەوە بەر سەری هەموان دەکەوێت و زیانی بۆ هەموان دەبێت،ئەوەش بزانن هەر خۆیان هەست بەئازاری ئێشەکانیان دەکەن ئەوەی هەیە لە دەورووبەرو ناوچەکە تەنها بۆ دادۆشینی سەروەت و سامانەکەیەتی نەک خۆشەویستی بۆ خەڵکەکەی، نزیکترین نمونەش ئێستا دەبینین پەراوێز خستنی شارەکەیە و هیچ خزمەتگوزاریەکی پێشکەش ناکرێت،چونکە دانیشتوانی شاری کەرکوک بە پێکهاتەو ئاینزاکانیەوە ، ئەوەندەی لە قولکردنەوەو دژایەتی یەکتردان ئەوەندە بیریان بۆ پێشخستنی شارەکەیان ناچێت و لە جێی ئەوەی فشار لەسەر دەسەڵاتدارانی خۆجێی و ناوەند دروست کەن بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕی و پێشخستنی کەرکوک،کەوتونەتە وێزەی یەکتری و هەر یەک لە پێکهاتەکان دەیانەوێت ئەوی تر بشکێنێ و خۆی وەک پلە یەک بناسێنێ کە دەبوایە بەراورد بە دەوڵەمەندی شارەکە کەرکوک شارێکی جیهانی، دەستە خوشکی پاریس و لەندن ببوایە نەک شاری خاشاک و مەڵبەندی زبڵ و مێش و مەگەز.

ئەبوایە بەپێی سیستەمی پەترۆدۆلار خەڵکەکەی باشترین و شایستەترین ژیانیان هەبوایە،بەلام کاتێ دێتە سەر دادۆشینی نەوت و داهاتەکەی هەموان خۆیان بەخاوەنداری دەکەن و ،وای تر لە خەونیشیان دا بیر لە کەرکوک ناکەنەوە،بۆیە دەبێ پێکاتەکانی کەرکوک ئەو کەلتورە کۆمەڵایەتیە نوی بکەنەوە، بە پەیوەندی و هاوبەشی بازرگانی و کشتوکاڵی و ژن و ژنخوازی و خزمایەتی خۆڕێخستن لە ڕێکخراو یانە کۆمەڵایەتی و مرۆیەکان پتەوکردنی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەی کە مۆرکی خەڵکی شارەکەن لە دێرزەمانەوە،چونکە کەرکوک بەهۆی فرە پێکهاتەی و فرە ئاینیەوە،چەندین بۆنەی نەتەوەییان هەیە،بەشداری کردنی بۆنەکانی یەکتر، گیانی یەکتر قبولکردن پتەو دەکات، بۆ نمونە نەورۆزی ئەمساڵ و گەشتەکانی بەهارە سەرجەم پێکهاتەکانی لە خۆی گرتبوو بێ جیاوازی،بۆنە ئاینیەکان.

بۆنە نەتەوەییەکان کە بونەتە بەشێک لە کەلتوری شارەکە،هۆکارێکە بۆ زیاتر نزیک بونەوەو تێکەڵ بون و،کەمکردنەوەی تەشەنوجاتی نەتەوەی و ئاینی و سیاسی کەواتە با هەموان دەس لە نێو دەس وەک و براو کەرکوکی بۆ بەرز ڕاگرتنی شارەکەمان ببینە قەڵایەک لە بەردەم هەمووو ئەو وەیشومانەی دەیانەوێت بارودۆخی شارەکەمان ئاڵۆزبکەن، با هەموان بە کوردو عەرەب و تورکمان و مەسیحی وئاینزاکانیەوە کەرکوک وەک و چاوی خۆمان سەیر کەین و بەهەوڵی هەموان بیکەینە نمونەی شارێکی پێشکەوتوو دەستە خوشکی شارە پێشکەوتوەکانی جیهان.

**شوان خورشید**

mensen
met een
missie

منظمة السلام والحرية
ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی
PFO
Peace and Freedom Organization

# برنامج تناغم